cyan magenta yellow black File: p.6-7



# بەسەرپەرشتی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان رەشنووسی بڕیارنامەی ئاشتی و ئاسایش بەهەماهەنگی لایەنە کوردییەکان بۆ کۆنگرەی سۆسیالیس ئینتەرناسیۆنال ئامادەکرا



**سەنگەر هەورامی:** لە درێژەی سەردانەکەی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی هێمن هەورامی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و ئەندامییەتی هەریەکە لە زۆزان بەرواری و سەربەست زەینەل و ئازاد گولەیی، لە دووەم رۆژی کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە شاری جنێڤی وڵاتی سویسرا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە پرسی ئاشتی و ئاسایشی جیهان. شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان نیوەڕۆ خوانێکیان بۆ سەرجەم پارتە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان رێکخست کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون. شاندی ناوبراو دواتر سەرپەرشتی دانیشتنێکی تایبەتیان کرد، بۆ ئامادەکردنی رەشنوسی بڕیارنامەیەکی کۆبوونەوەی فراوانی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە بارەی شەڕی تیرۆر لە عێراق و سوریا و رۆڵی پێشمەرگەو پشتیوانی کردنی هەرێمی کوردستان لە حەوانەوەی 1,5 ملیۆن پەنابەر و پشتیوانی پێشمەرگە لە بوونی چەکی پێویست بۆ سەرکەوتنی زیاتر و یەکجارەکی بەسەر تیرۆریستاندا. لە دانیستنەکەدا تەوەری سەرەکی بوون. شایەنی باسە شاندی یەکێتی بەدەپە و پەیەدە و هەردوو حیزبی دیموکراتی کۆمەڵەی کوردستان و ئەنجوومەنی کورد ئامادەی خوانەکە بوون، دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە سەر را و پێشنیارەکانی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەرەنجام هەموو لایەنەکان کۆک بوونە لە سەر نووسینی رەشنووسێکی بڕیارنامەی یەک دەنگی کوردەوە و بدەینە سەرۆکایەتی کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسۆتاڵ. هەروەک لە بڕیارنامە تایبەتە نووسراوەکەدا هاتووە، هەرێمی کوردستان رۆڵێکی بەرچاو گرنگی گێراوە لە رووبەروو بوونەوەی بەرامبەر تیرۆریستان و قوربانییەکی ئێجگار زۆری داوەو و لە هەمانکاتدا بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ پەنابەران و لێقەوماوانی شەڕی تیرۆری لە ناوچەکەدا. شایەنی باسە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، رۆڵێکی گرنگی بینی لە کۆکردنەوەی دەنگە کوردییەکان، بۆ پاڵپشتی و گەیاندنی دەنگی کوردەوای بە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ، کە لە ناو رەشنووسەکەدا، چەندین پێشنیاری ستراتیژی ئاسایشی ناوچەکە دایە سەرۆکایەتی کۆنگرەکە و تێیدا رۆڵی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانیان بەرزنرخاند لە رووبەرووبونەوەی تیرۆر، بۆ ئازادی و نیشاندانی رەنگە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان، رەنگدانەوەی بۆ ناوچەکە.

# وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری تەلاسیمیای کوردستان کۆبۆوە



دوێنێ یەکشەممە، د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە ئەنجوومەنی باڵای تالاسیمیای کوردستان و کۆمەڵەی تالاسیمیای هەولێر کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا باسی رەوشی قوتابیانی تووشبوو بە نەخۆشی تالاسیمیا کرا و وەزیری پەروەردەیش ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتگیرییەکی دەربڕی بۆ ئەو قوتابیانەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون. بۆ ئەم مەبەستە هەردوو ئەنجوومەنی باڵای تالاسیمیا و کۆمەڵەی تالاسیمیای هەولێر سوپاسی خۆیان ئاراستەی وەزیری پەروەردە کرد لە پێشوازییکردنیان و ئەو پشتگیرییەی بەردەوام بۆ ئەم توێژەی هەیبووە.

## پارێزگەرێ دهوکێ و شاندەکێ ئاست بلند یێ نەتەوەیێن ئێکگرتی ل ئیراقێ سەرا کەمپا کەبەرتو دا

**خەبات/ ن. دهوک**: فەرهاد ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ ب هەڤالینیا شاندەکێ ئاست بلند یێ نەتەوەیێن ئێکگرتی یونامی ل ئیراقێ سەرا کەمپا کەبەرتو دا. پارێزگەرێ دهوکێ وشاندێ ناڤبری گەریانەک لناڤ کەمپێ کر وژنێزیک سەحکرە رەوشا ئەو خێزانێن ئاوارە یێن دناڤدا هاتینە ئاکنجیکرن. هەژی گوتنێ یە کەمپا کەبەرتو ل سنورێ دەڤەردایا سێمێلێ ژلایێ پارێزگەها دهوکێ ڤە هاتیە چێکرن و6000شەش هزار خیڤەتان بخوڤە دگریت ، کەمپا ناڤبری برەنگەکێ مودرن هاتیە چێکرن وهەموو پروژێن خزمەتکاری وەکو ئاڤ وکارەب ورێک ودەست ئاڤ و...هتد دناڤدا هاتینە دابینکرن وخیڤەتێن وێ ل دژی سەرما وگەرمایێ وستونێ هاتینە دورستکرن وتانوکە 3772خیڤەت ل سەر 2861خێزانا هاتینە بەلافکرن وپروسا بەلافکرنێ یا بەردەوامە.

# بەهاوبەشی بەغدا- هەولێر- ئێرلانگن کۆنفرانسێکی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین سازکرد



سەرباری ئەو قەیرانە دارایی و ئابوورییەی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوەو شەڕی دژ بە تیرۆری بەسەردا سەپاوە، کەچی زانکۆی سەلاحەدین لە چالاکی ئەکادیمی و زانستی نەوەستاوە رۆژانە پێشوازی لە شاندی زانکۆ بیانییەکان دەکات و وۆرکشۆپ و کۆنفرانسی زانستی ساز دەکات، لەو چوارچێوەیەشدا بە ئامادەبونی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی و دکتۆر شەفیق ئەلبەهادێر بەڕێوەبەری پەیمانگەی ئابووری بۆ توێژینەوەی عێراقی لە سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین کۆنفرانسێکی تایبەت بە پرۆژەی هاوبەشی بەغدا- هەولێر- ئێرلانگن BEEPساز کرا، کە بۆ ماوەی سێ رۆژ دەخایەنێت و لە رۆژانی کۆنفرانسەکەشدا باس لە پرۆژەی هاوبەشەکانی نێوان زانکۆکانی ئەڵمانی و زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت، کە ناوەڕۆکی پرۆگرامە ئاڵوگۆڕییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێداچونەوەیەکی رەخنەگرانە بە پرۆگرامی شەش ساڵی رابردوو پاش شەش ساڵ لەو بارەیەوە چی کراوە و پێشبینی چی بکرێت. لە مەڕاسیمی کۆنفرانسەکەدا بەڕێوەبەری پەیمانگەی ئابووری بۆ توێژینەوەی عێراقی دکتۆر شەفیق لە وتارێکیدا سوپاسی زانکۆی سەلاحەدین کە میوانداریەتی هەموو وۆرکشۆپ و کۆنفرانسەکان دەکات کە بەناوی بەرنامەی ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی ئەڵمانی -عێراقی جێبەجێ دەکرێت لەو بارەشەوە رێکخراوی دادی ئەڵمانی پاڵپشتی پرۆژەکە دەکات. هەروەها دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە وتارێکدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانانی ئەکادیمیستی ئەڵمانی و عێراقی و هەرێمی کوردستان، دەستخۆشی لە سەرپەرشتیارانی کۆنفرانسەکە کرد. ئەوەشی گوت ئەو بەرنامەیە سوودێکی زۆری هەیە بۆ زانکۆکان بەتایبەت لە بواری ئابووری دا، لەو بارەیەوەش رۆڵی سەنتەری توێژینەوەی هاوبەشی ئەکادیمی عێراقی و دادی ئەڵمانی بەرزنرخاندو ئامادەیی زانکۆی سەلاحەدینیشی نیشاندا بۆ درێژکردنەوەی بەرنامەی ئەو چالاکیانە و واژووکردنی رێکەوتن لەگەڵ زانکۆکانی دیکەی چوارچێوەی بەرنامەی ئاڵوگۆڕییەکە تا لەو رێگەیەوە سوودی زانستی بەیەکتربگەیەنن.

# هاوکاریی ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەسەر ئاوارەکانی کەمپی شاریا لە دهۆک دابەشکرا و کۆمەکی داراییش پێشکەشی پێشمەرگەی کوردستان کرا



**خەبات/ سەید مەجید بەرزنجی:** یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەهاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ساڵیادی دامەزراندی یەکێتییەکەیان پیرۆز کرد . لەلێدوانیکدا بۆ رۆژنامەی خەبات" دکتۆرە ڤیان سلیمان . سکرتێری ئافرەتانی کوردستان ووتی: ئێمە وەک مەکتەبی سکرتاریەتی ئافرەتان بڕێک هاوکاری دارایی کە پێشتر لەلایەن کادیر و رێکخستنەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆکرابۆوە بەباشمانزانی بگەیەنینە برا پێشمەرگەکان کە هاوکارییەکە بریتییە لە 12ملیۆن دینار و خستمانە سەر حسابی یەکێک لە بانکەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بخرێتە سەر حسابی کۆمەکی پێشمەرگە وەک دەربڕینی پشتیوانی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئێستا لە ئەرکی بەرگری دان لە خاکی کوردستان بەرامبەر بە تیرۆریستانی داعش، لەدرێژەی بەسەرکردنەوەکەیاندا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هاوکاریان گەیاندە ئاوارەکانی کەمپی "شاریا" لە دهۆک پاش ئەوەی لەلایەن ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،لە هۆڵەندا لە رێگەی بەدەستهێنانی سۆز و پشتیوانی مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەیەک لە رێگەی ئەنجامدانی چەندین چالاکیەوە بڕێکی بەرچاو هاوکاری کۆکرایەوە، کە هاوکارییەکە لە کۆمەڵێک پێداویستی زستانە پێکهاتبوو لەگەڵیشیدا 1804سۆپایان بۆ ئاوارەکان دابین کرد و گەیاندیانە ئاوارەکانی نیشتەجێی کەمپی شاریا لە دهۆک، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هیوا خوازە بەو هاوکارییە توانیبیان کەمێک لە ئازارەکانی لێقەوماوانی جەنگی تیرۆر کەم بکەنەوە و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لەم بارودۆخەدا.

## ئاریشێن ئەردی دێهێنە چارەسەرکرن

**ئاکرێ-خەبات/موسلح:** ل دەڤەردایا ئاکرێ فەرهاد ئەمین ئەتروشی ب ئامادەبونا لیژنا کوژاندنا ئەردی کومبونەک دگەل دەڤەردار وناوچەدارێن سەر ب دەڤەردایا ئاکرێ وفەرمانگەهێن پەیوەندیدار سازکر. دکومبونێدا ل بەراهیێ جەهوەر علی عزیز دەڤەردارێ ئاکرێ راپورتەک ل دور رەوشا ئاکرێ وپێدڤیێن ناوچەداری وگوندێن دەڤەرێ بەرچافکر ب تایبەتی پێدڤیێن دەڤەرێ ب دابینکرنا ئەردی بو پروژێن خزمەتکاری وپارچێن ئەردی بو فەرمانبەران ,پاش ب تێرو تەسەلی دان وستاندن ل سەر هەر بابەتەکێ کومبونێ هاتنە کرن ,پارێزگەرێ دهوکێ تەکەزکر کو هەر تشتەکێ پێدڤی بکەت کو ئاکرێ پێش بکەڤیت ئەم وەکو پارێزگەها دهوکێ دێ بو ئاکرێ ئەنجامدەین ,پاش پارێزگەرێ دهوکێ سەرپەرشتیا کومبونا مەهانە یا دگەل هەر حەفت دەڤەردارێن سەرب پارێزگەهێ ڤە کر. دکومبونێدا ئەڤە بابەتە هاتنە گەنگەشەکرن رەوشا ئێمناهیا دەڤەرێ ژ رێگرتن ل سەر پێچیان وچەسپاندنا یاسایێ دهەموو بواراندا- رەوشا پەنابەران ژ خزمەتگوزاری ل وەرزێ زڤستانێ ورەوشا کارەبێ وبەلافکرنا سوتەمەنیێ ورەوشا ساخلەمیێ ژ دوڤچونا بازاری وبلندبونا بهایێن کەرستێن خارنێ وکرێێن ئاڤاهیان. لدور هەردوو کومبونان و بریارێن هاتینە دان پارێزگەرێ دهوکێ گوت. ئەڤرو دوو کومبونێن سەرەکی ل ئاکرێ هاتنە ئەنجامدان یا ئێکێ پەیوەندیداربو ب بابەتێن ئەردی ودابەشکرنا ئەردی ورێکێن چارەسەرکرنا ئەردی وکوژاندنا ئەردی ژبو هندێ پروژە وکار بهێنە ئەنجامدان ، کومبونا دووێ دگەل هەر حەفت دەڤەردارێن پارێزگەها دهوکێ بو کو بەری نوکە ببو بەرنامە هەر هەیڤ ل دەڤەردارێکێ بهێتە بەستن ... دکومبونا ئێکێ دا گەنگەشە ل سەر وی ئەردی هاتنە کرن چ ئەو بت یێ سەرب وەزارەتا چاندێ یان یێ وەزارەتا باژێرڤانیان بو هندێ ئەم بشێێن هندەک کێشێن قەزا ئاکرێ چارەسەرکەین تایبەتی کێشێن وی خەلکی یێ کو رازەمەندی ل سەر پارچێن ئەردی هەی یان ژی هندەک پروژێن پیشەسازی وخزمەتکاری وساخلەمیێ وهتد... مە بفەر دیت ئەڤ کومبونە بهێتە سازکرن وئەنجامێن باش ژی هەبوینە دگەل لیژنا کوژاندنا ئەردی ولایەنێن پەیوەندیدار ، ئەز دشێم بێژم هەتا رادەکێ مەزن ئەم گەهشتینە رێکەفتنەکێ هندەک پێنگاڤ بهێنە هاڤێتن وژوان پێنگاڤان ژی ئەز باوەرم دنێزیکدا دکومبونا بهێت دا دێ وان بریارا دەین کو هنەک ژوان ئەردا بهێنە کوژاندن بو هندێ خەلکێ مە بشێت کارێ خو ئەنجامدەت و ئەم وەکو حکوومەت ژی ب تایبەتی ل قەزا ئاکرێ بشێێن وی کاری بکەین ئەو پێدڤی چ یێن خزمەتکاری بن یان دابەشکرنا هندەک پارچێن ئەردی ل سەر وەلاتییان ئەز هیڤی دارم خەلکێ مە ژی یێ هاریکاربیت ژبو هندێ ئەڤ کێشە چارەسەربیت وب خوشحالیڤە تێگەهشتنەک باش دناڤبەرا کارگێریا قەزا ئاکرێ ولیژنا کوژاندنا ئەردی هەبو وهەکو مە گوتی دنێزیکدا دێ شیێن ڤان کێشا چارەسەرکەین.

## ئاکرێ... بارەگایێ گروپێ سیپەیێ گەنجان هاتە ڤەکرن



**خەبات / سالح محەمەد تەیرۆ:** بارەگایێ گروپێ سیپە یێ گەنجان ل ئاکرێ هاتە ڤەکرن ولدور ڤی گروپێ سیپە یێ گەنجان شکاک جابر بەرپرسێ گروپی بۆ رۆژناما خەبات گوت: ب ئامادەبوونا دکتورە ڤیان صبری ئەندامە جڤاتا سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و جهور عەلی عەزیز دەڤەردارێ ئاکرێ و کارگێرو ئەندامێن لقی 9و بەرپرس ونوێنەرێن سازیێن میری وحزبی بارەگایێ گروپێ سیپە یێ گەنجان هاتە ڤەکرن وهەژی یە بێژین کو ئەڤ گروپەیە لبەریا 10سالان هاتیە دامەزراندن وئارمانج ژی ل دامەزراندنا ئەڤی گروپی خزمەتکرنە ب رێبازا پیرۆزا پارتی وبارزانیێ نەمر وگرنگی دان ب ساخکرنەڤا یادو بیرەوەریێن نەتەوی و نیشتیمانی، دیسان شکاکی گوت: ئەڤ گروپەیە پێک دهێت ل 150گەنجێن دلسوز بۆ خزمەتکرنا ئەڤێ رێبازێ و ل هەمی تەخ وچینا پێک دهێت ودیسان ئەڤەژی گوت: کو ئەڤێ گروپێ رولەکێ دیار وبەرچاڤ هەیە دتورا جڤاکی دا بۆ خومەتکرنێ وشانازیێ ژی دکەین کو ئەم بکارین خزمەتا رێبازا پیرۆزا پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیێ نەمر بکەین.